# پەڕلەمان فەل نەبووایە سەرەکەی بە پەلەپیتکەیەک نەدەپەڕی

## Source : https://www.facebook.com/3kontrakt?ref=ts&fref=ts

( جیاوازییەکی جەوهەریی هەیە لە نێوانی ئەوەدا کە هەڵوێستێک لە پرەنسیپەوە بێت لەگەڵ ئەوەدا کە وا بکەوێتەوە قسە بۆ ئەو رۆژە هەر ئەوە هەبێت.)

پارتی لەسەر شانی گۆڕان سەرۆکی پەڕلەمانی داگرت

دەرکردنی کاربەدەستانی گۆڕان لە لایەن پارتییەوە لایەنێکی شاراوەی پارتی دەرنەخست. ئەگەر کێشەکە ئەوە بێت کە پارتی شەقی لە یاسا هەڵدابێت، ئەوا ئەمە جێگای پێکەنینە. کام یاسا؟

لە کۆمەڵگای ئەمڕۆی باشوردا سەرگردە دەستەڵات وەکو لوتی ئەوەتا بە خۆیەوە. دەستەڵاتەکەی هی خۆیەتی نەک هی پۆستەکەی. بە یاسای بێ یاسایی نەبێت چۆن سەرگردە زەق و رەوان گردی حکومەت لەسەر خۆی تاپۆ دەکات و سەرباز لە جیاتی بیگرن بە فەوج بە پارەی میللەت خزمەتکارییشی بۆ دەکەن؟ سەرەرای ئەمەش پەیتا پەیتا پەیامیشمان بۆ دەرئەکەن.

سنوردارکردنی دەستەڵاتی سەرۆک لەسەر کاغەز وەکو ئەوە وایە بۆ ئەوەی خۆی بگرێت پەلاماری سێبەرەکەی بدەیت. سەرگردەکانی کورد هیچ کاتێک ئیشیان بۆ ئەوە نەکردووە کۆمەڵگایەکی شارستانیی دروست بکەن کە تیایدا خەڵک بە یاسا و رێسا بڕوات بەڕێووە. ئەو پەڕلەمانەش کە کاک یوسف محەمەد سەرۆکێتی پەڕلەمانێکی کارتۆنییە. میکرۆفۆنێکە کە دەنگی سەرگردەکانی پیادا تێپەڕ دەبێت، بۆ کورد نەبوونی باشترە. بەڵام بۆ ئەندام پەڕلەمانەکان پلێکی چەوری بریانییەکەیە. پەڕلەمان ئەگەر فەل نەبووایە لە فەحسدا دەردەچوو، سەرەکەی بە پەلەپیتکەیەک نەدەپەڕی.

دەرکردنی کاربەدەستانی گۆڕان پەردەی لەسەر ئەو راستییە هەڵدایەوە کە ئەو سیستێمی دەستەڵاتدارییەی پارتەکانی ناو پەڕلەمان پێکرا دروستیان کردووە سیستێمێکە کە تیایدا پارتی دەتوانێت سەرۆکی پەڕلەمان و وەزیرەکانی گۆڕان بە فویەک دەربکات. ئەمە لەوە دەچێت کە یەکێک پشت دانەوێنێت بۆ یەکێکی تر گڵۆپێک دابگرێت. هەمووی مەنێنە ملی پارتی! ئەمە هەموو پارتەکانی ناو پەڕلەمان و پەنجەمۆرانی دەنگدان دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

دەرکردنی سەرۆکی پەڕلەمان و وەزیرەکانی گۆڕان، پیشانی ئەدات کە ئەو هەڵبژاردن و دەنگدانانەی بە گەلێکی کوێلە دەکرێت ناتوانرێت دەستەڵاتێکیان لێ دروست بکرێت کوتەکی کوێلەدار نەبێت. ئەمە ئەو دەنگانەیە کە رەوایی پێ دەدرێت بە سیاسەتێکی نارەوا و سەرۆکی پەڕلەمان چەکوشی بۆ ئەدات بە مێزدا. گرفتی گۆڕان و سەرۆکی پەڕلەمانەکەی ئەوە نییە کە پارتی کاربەدەستەکانی بە فوویەک دەرکرد. بەڵکو ئەوەیە کە قاچێکی ئەو کورسییەیە کە مەسعود بارزانی لەسەری دانیشتووە. ناکۆکییەکەش لەسەر ئەوە نییە کە ناوبراو سەرۆک نەبێت، لەسەر ئەوەیە کە ئەمان دەیانەوێت کورسییەکەی بۆ بۆیاخ بکەن بەڵام سەرۆک نایەوێت رەنگی کورسییەکەی ئەسڵەکەی نەبێت.

دەرکردنی کاربەدەستەکانی گۆڕان ئەوەی پیشان دا کە دۆلاربیران چ درۆیەکیان لەگەڵ جەماوەر کردووە، کاتێک کە هێرش دەکەنە سەر دەستەڵات و بەڵام لە کاتی پێویستدا هەڵبژاردن بە دیموکراتیی دەناسێنن و جەماوەر هان ئەدەن بچن بۆ دەنگدان. کام دیموکراتیی؟

ئەم قەیرانانە هێلکەی ئەو قریشکەن کە بە بەشداریی پارتەکان و هەوڵی دۆلاربیران دروست بووە. ئەمشەو 2015/10/19 هەواڵی خنکانی دایکێک و پێنج منداڵەکەی لەگەڵ حەوتی تردا لە دەریادا بڵاو بووەوە.

دەرئەنجام چییە؟

پێویستە میللەت هێڵی سیاسیی خۆی ون نەکات. هەر جارەو سەری نەخەنە ناو تورەکەیەکەوە. کلیلێک دەرگاکەی نەکردبێتەوە جارێکی تر بەکاری نەهێنێتەوە. هەمیشە رێگای نوێ تاقی بکاتەوە. هەتا دەگات بە ئامانج. ئەگینا هەرگیز رزگاری نابێت. ئەگەر شۆڕشێک لە ناو خۆماندا نەکەین دنیاکەمان هەر ئەوە دەبێت کە ئێستامان دروستی کردووە.

ناسر حەفید

سولێمانی، 19/10/2015

ئێمە لە بەردەمی شۆڕشێکدا وەستاوین خۆتانی لێ مەدزنەوە!